ئیسماعیل بێشکچی

# کوردەکان و
# مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان

وەرگێڕانی
ڕەوا حاجی

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٠

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**
**تایپ: سوهەیلە عبدالوهاب**
**چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی**
**تیراژ: (٢٥٠٠) دانە**
**ژمارەی سپاردن: (١٨٢٤) ی ساڵی ٢٠١٠ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری**
**ژ. زنجیرە : (١)**
**لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

# پێشەكی

هەڵویستی مەبدەئیانەی د.ئیسماعیل بێشكچی سەبارەت بەپرسی كوردو مافە نەتەوەییە رەواكانی، دیاردەیەكی دەگمەنو كەم وێنەیە، نەك تەنها لە توركیادا بەڵكو لەتەواوی خۆرهەڵاتی ناوەراستدا ، ئەوەی ئەو مرۆڤە رووبەرووی بۆتەوە بەهۆی هەڵوێستەكانی لەبەرامبەر پرسی كورد لەم چواردەیەی ئەم دواییەدا كەس لەرۆڵەكانی گەلی كورد توشی نەبووە، لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتاوە دەیزانی چاوەڕوانی چیدەكات، بەڵام رووبەڕووی دەسەڵاتی وڵاتەكەی بۆتەوەو چەمكێكی جیاوازی لەهەمبەر پرسی كورد لەتوركیا پێشكەش كرد.



ئیسماعیل بێشكچی لەساڵی ١٩٣٩ لە (Iskip)ی نزیك بەپارێزگای (Corum)ی توركیا لەدایك بووە، هەر لەوێش خوێندنی سەرەتاییو ئامادەیی تەواو كردووە، لەزانكۆی ئەنكەرە لیسانسی لەزانستە سیاسیەكان بەدەستهێنا، ساڵی ١٩٩٧ لەزانكۆی ئەتاتۆرك دكتۆرای لەسۆسیۆلۆژیا وەرگرت.

لە ساڵانی (١٩٦٢_١٩٦٤) لەماوەی جێبەجێكردنی خزمەتی سەربازی لەهەردوو ناوچەی بەدلیسو هەكاریدا ئاشنایەتی لەگەڵ گەلی كوردا پەیدا كرد، دوای ئەوە نووسیویەتیو دەڵێت:

(كاتێك گەیشتمە باشووری خۆرهەڵاتی توركیا بۆ بەجێگەیاندنی خزمەتی سەربازی بەچاوەكانی خۆم بینیم گەلێك هەیە زمانو مێژوو دابو نەریتیان جیاوازە لەئێمەی توركان. ئەو گەلەش ئەو ناوەیان نییە كە توركەكان ناودێریان دەكەن، بە خۆیان نالێن توركی چیایی، بەڵكو بەخۆیان دەڵێن كورد).

لەو كاتەوە بێشكچی هەوڵە فكریو چالاكیە زانستیەكانی لەپێناوی گەلی كورددا خستەگەر، چەندین لێكۆڵینەوەی ئەنجامداوە لەبارەی رەوشی ژیانو مێژووو بەرگریكردن لەمافە نەتەوەییو دیموكراتیو تایبەتمەندییەكانی گەلی كورد، بەمەبەستی تێگەیاندنی توركەكان لەو راستیە پرشنگدارەی هەستی پێكردووە كە زۆرێكیان رەتی دەكەنەوە، هەر وەك دەوڵەتی توركیاش رەتیان دەكاتەوەو نزیكەی ٢٧٠ ساڵە بەئاگرو ئاسن رووبەروویان دەبێتەوە.

بۆ گەیاندنی پەیامەكەی (٣١) لێكۆڵینەوەی بڵاوكردۆتەوە، بۆ نموونە:

- سیستمی كۆمەڵایەتی یەكێك لەخێڵە كوردییە كۆچەرەكان كە لەزستاندا لەناوچەی (سیلڤان) نیشتەجێنو لەهاوینیشدا بەرەو چیاكانی نەمرودوسوڤان كۆچ دەكەن. (نامەی دكتۆرا- ١٩٦٧)



- ئەو گۆرانە كۆمەلایەتیانەی كە بەسەر خێڵە كوردە كۆچەرەكاندا هاتووە لەخۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا، یەكێكی تریان، بەناوی (شیكاری خۆپێشاندانەكانی رۆژهەڵاتی ١٩٦٨).
- گۆڕان لەخۆرهەڵاتو كێشەكانی بونیاد (خێڵی عەلیخانی كۆچەری كوردی ١٩٦٩).
- سیستمی كۆمەڵایەتی لەخۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا (١٩٦٩).
- بنەما كۆمەڵایەتیو ئابوورییەكانی گروپە ڕەگەزییەكان (١٩٦٩).
- میتۆدی زانستی پەیڕەوكراو لەتوركیا- یەكەمیان: ڕاگواستنی كوردان، لەگەڵ بڵاوكردنەوەی لێكۆڵینەوەكە دەستی بەسەرگیراو خۆشی رەوانەی دادگاكان كرا (١٩٧٧).

- میتۆدی زانستی پەیرەو کراو لەتورکیا- دووەمیان: دەربارەی تیۆری تورکی بۆ مێژوو، تیۆری زمانی خۆر. لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پرسی کورد، کاتێك بڵاوکرایەوە رەوانەی دادگا کرا.
- میتۆدی زانستی پەیڕەو کراو لەتورکیا- سێیەمیان: پەیڕەوی ناوخۆی پارتی گەلی کۆماری (١٩٢٧).
- هەروەها کتێبێك لەسەر پرسی کورد، بەو هۆیەوە بۆماوەی ٣ ساڵ خرایە بەندینخانەوە، بەتاوانی روشاندنی شکۆی نیشتمانیی.
- کوردستان کۆڵۆنیەکی نێودەوڵەتیە، کاتێك لێکۆڵینەوەکە دەرچوو، نووسەر خرایە بەندینخانە، بەشێوەیەکی کاتی ئازاد کرا، دوای ئەوە کتێبێکی تری دەرکرد بەناوی (زانستو ئایدۆلۆژیای فەرمی دەوڵەت، دیموکراسیو پرسی کوردی).



- کتێبێکی تری بڵاوکردەوە لەئەستەمبوڵ (١١ رووناکبیرو رێکخراو پرسی کورد)، بەتەواوی تورکیادا بڵاوکرایەوە (١٩٩٠).

ئەم نووسینو لێکۆڵینەوانە وای کرد بێشکچی چەندین ساڵ زیندانی بکرێتوببێتە کۆنترین زیندانی سیاسی لەدەوڵەتی تورکیادا، تاوانبار بوو بەشکاندنی شەرەفمەندی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر پرسی کورد کرد، کە دەوڵەتی تورکیا بەیاساغی دادەنێتو ناکرێت لێکۆڵینەوەو قسەی لەبارەوە بکرێت.

بەڵام بێشکچی دەڵێت: (من خەباتی ئاشتیانە دەکەم بۆ ئەوەی بواری گفتوگۆ زانستیەکان بەرفراوان بێتو قەدەغەکراوەکانو چاودێریکردن رەت کرێتەوەو پشت بەئازادی ڕادەربڕین ببەسترێتو پشت ئەستوربێت بەرێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ لەپێناو رزگارکردنی شەرەفی تورکدا.

لەساڵی ١٩٧١ەوە بێشکچی بەرێگەی دادگا مەدەنیو سەربازیەکانی تورکیاوەیە.، تا ئێستا نزیکەی دووسەدوپەنجاساڵ سزای زیندانی بەسەردا سەپێندراوەو ١٥ ساڵو نیوی لەزیندان بەسەر بردووە. بێشکچی پێگەیەکی بەهێزی لەلای هەندێ لەرووناکبیرە تورکەکان هەیەو خاوەن سۆزو خۆشەویستیەکی گەورەی میللەتی کوردە، جێگەی رێزە لای زۆربەی رووناکبیرانو، چەندین جار کەمپینی بۆ کراوە لەلایەن رووناکبیرانی ئەوروپاو ئەمریکا بۆ ئازادکردنی لەبەندینخانە، ساڵانە لەپایتەختەکانی ئەوروپادا کۆروکۆبوونەوە رێکدەخرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەبیرو بۆچەنەکانیو بەرگری لێکردنی.

چەندین رێکخراوی ئەوروپی ناحکومی خەڵاتی زانستیو ئەدەبی پێشکەش کردووە بەڵام ئەو وەری نەگرتووە، تەنها خەڵاتی یەکێتی نوسەرانی نەرویجی نەبێت، لەو بارەیەوە بێشکچی دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە چەك بەتورکیا نافرۆشێت، لەرەتکردنەوەی



خەڵاتی تر ووتویەتی ((من دوو رویی ئەو دەوڵەتانە رەتدەکەمەوە کە باربۆی تورکیا دەکەنو حکومەتەکانیان چەك بە دەوڵەتێك دەفرۆشن کە بەر پرسە لەوێرانکردنی قەوارەی کوردستاندا)).

**رەنج جەعفەر**

## کوردەکان و
## مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان

کێشەی کورد یان کێشەی کوردستان گرنگترین کێشەی تورکیایە. کێشەی کورد یەکێکە لەو کێشە گرنگانەی تورکیا کە پەیوەندییە ئابوورییەکان و سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا دیاری دەکات. عەبدوڵڵا گویل لە هاوینی ٢٠٠٩دا لەچەند لێدوانێکدابەگرنگییەوە باسی لەوە دەکرد کەکێشەی کورد لەتورکیادا یەکێکە لەگرنگترین کێشەکانی ناو تورکیاو ئەگەر بخوازرێت وەك کێشەکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ئەوا دەبێت لەپێشدا ئەم کێشەیە بخەینە سەر ڕێگەی چارەسەر.. ئەمڕۆ هەموومان ئەوە دەبینین کە حکومەتی پارتی دادو گەشەپێدان لەهەموو حکومەتەکانی پێشووتر بەگرنگیەوە دەڕوانێتەوە ئەم کێشەیەو لە نزیکەوە بەشێوەیەکی شێلگیرانە دەیەوێت



کێشەی کورد چارەسەر بکات...ئێستا لە ژێر ناوی پلانی پرۆژەی کرانەوەی کوردی یان کرانەوەی دیموکراتیدا هەوڵی خۆی خستۆتە گەڕو ئێستا حکومەت هەوڵی ئەوەی خستۆتە گەڕ، کە کێشەی کورد چارەسەر بکات. کاتێك دەڵێین کێشەی کورد یاخود کێشەی کوردستان، گرنگە کە ڕەهەندە مێژووییەکەشی وەربگرین. لەم بارەیەوە دەتوانێن بڵێین: هەوڵی کوردەکان بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین بەچەك وەڵام دەدرێتەوە، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەوڵەتانی سەرکەوتووی جەنگەکە وەك بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا، هەوڵێکی زۆریاندا بۆ دابەشکردنی ئەو وڵاتە ژێردەستانەی کە لەپاشماوەی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی و عوسمانییەوە مابوونەوە...لەکانوونی دووەمی ١٩١٩دا کاتێك بەپێی کۆنگرەی پاریس، (کۆمەڵەی گەلان) دامەزرا، یەکێك لەو بڕیارانەی کە ئەم کۆمەڵەیە پێداگری لەسەر کرد، ئەو بڕیاری دابەشکردنەبوو. دانانی سیستمی بەڕێوەبردنی

ئینتیداب یەکێك بوو لەبڕیارەکانی (کۆمەڵەی گەلان) کە ڕاستە جۆرێك لەسیستمی خۆ بەڕێوەبردنی تێدا بوو، بەلاّم ئەمیش هەر هەمان شێوەی درێژکراوەی سیستمی ژێر دەستەیی بوو. ئەو ولاّتانەی کە لەژێردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی مابوونەوە، خرانە ژێرسیستمی ئینتدابی جۆری (ئەلف). ولاّتانی باشووری خۆرئاوای ئەفریقاش. کە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان بوون ئینتدابی جۆری (ب) دەیگرتنەوە.

لەچوارچێوەی ئینتدابی جۆری ئەلفدا، ئینتدابی عێراق، ئوردون، فەلەستینی سەر بەبەریتانیاو ئینتدابی سوریاو لوبنانی سەر بەفەڕەنسا دامەزرا، بەم جۆرە ئەو ولاّتانەی کە پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون لەنێوان بەریتانیاو فەڕنسای براوەی جەنگدا دابەشکران، لەم قۆناغەدا ئەو پرسیارەی کە پەیوەندی بەئێمەوە هەیە، ئەمەیە: لەکاتێکدا لەچوارچێوەی کۆمەڵەی گەلاندا پەیوەندی نێوان نەتەوەکان دووبارە ڕێکخرایەوەو



هەولێکی زۆر درا ئەو کاتە ئاشتی نێوان نەتەوەکان بپارێزرێت، بۆچی ئەو کاتە داخوازی کوردەکان لەبەر چاونەگیرا؟ ئەو کاتە شێخ مەحمود بەرزنجی لەباشووری کوردستان کەپاشای کوردستان بوو شۆڕشی بەرپا کردبوو، داوای ئەوەی لەبەریتانیا دەکرد کە وەك پاشایەکی کوردستانی باشووردانی پێدا بنێت، بەلاّم دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی ئەو سەردەمە (بەریتانیاو فەڕنسا) نەك هەر ڕازی نەبوون کە کوردستانی سەربەخۆ ڕابگەیەنرێت، بەڵکو ئینتدابیشان پێ ڕەوا نەبینی ، ئەو سەردەمە بیر لەوەنەکرایەوە کەئینتدابێکی کوردستان لەژێر دەستی بەریتانیا یان فەڕەنسادا دابمەزرێت، کوردەکان‌و کوردستان دابەش‌و پارچە پارچە کرا، هەڵبەت سەرەڕای ئیرادەی کوردکان، بەلاّم ئەمە بەزۆرو ستەم بەسەریاندا سەپێنرا، چونکە کوردەکان لەگەڵ بەریتانیای گەورەدا لەپێناو کوردستانی سەربەخۆدا دەجەنگان. لەنێوان بەریتانیای گەورە (کە داخوازی کوردەکانی بۆ سەربەخۆییبوون قبوڵ

نەدەکرد) و کوردەکان شەڕ هەبوو. گەورەترین ئۆپەراسیۆنی کۆمەڵی گەلان کەلە ساڵانی بیستەکاندا ئەنجامیدا لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئەنجامی دا بریتیبوو لەپارچە پارچەکردنو دابەشکردنی کوردستانو کورد لەم ناوچەیەدا. هەڵبەت دابەشکردنو پارچە پارچەکردنی کوردستان لەناو جەرگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا یەکێك بوو لەپیلانە گەورەکانو درێژخایەنەکانی دەوڵەتە ئیمپیریالیستەکان لەناوچەکەدا، ئەویش بەهاریکاری ئەو میللەتانەی کەلەم ناوچەیەدا دەژیان. دابەشکردن کاریگەرییەکی زۆر گەورەی بەسەر کوردەکانەوە بەجێهێشتووە. ئەمە هاوتای تێکشکانی پەیکەری ئیسقانی لەشی مرۆڤو پارچەکردنی مێشکی وایە... ئەو کات ئەمانە دەبنە پرسیاری بنەڕەتی. ئایا هۆکاری ئەم سیاسەتە سیستەماتیکیانە چییە کەبەسەر کوردەکاندا سەپێندراوە؟ ئەم سیاسەتە چۆن پەیرەوکراوە؟ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە بەچ جۆرە قۆناغێکدا تێپەڕیوە؟ ئایا



کاردانەوەی کوردەکان چی بووە بەرامبەر بەجێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە بەسەریانەوە؟ وەلامدانەوەی ئەم هەموو پرسیارانە پێویستی بەگەڕان هەیە بەپێی زانستی دیپلۆماسیو سیاسەت، دەبێت لێکبدرێنەوە تا وەلامەکەیمان چنگ دەکەوێت.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی عەرەبەکانیش پارچە پارچە کران، بەلام عەرەبەکان دەوڵەتی سەربەخۆی جیاجیایان بۆ دروستکرا. وەك دەوڵەتی مەندوب دەوڵەتیان بۆ دروستکراوە. هەرچی کوردەکانیشە لەنێوان ئینتدابی عێراقی سەر بەبەریتانیاو سوریای سەر بەفەرەنساو کۆماری تورکیای پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو سیستمی شای ئێرانی پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی ئێراندا دابەشکران. هەرچی ئەم چوار دەوڵەتەیە لەلایەكو کوردەکان لەلایەك لەگەڵ هەموویاندا جەنگاون، واتە هاریکارییەکی هاوبەش لەنێوان ئەم چوار دەوڵەتە ئیمپریالیە هەبووە، هەرچەندە ناو بەناو لەناو خۆیاندا

گرژیو ئالۆزییان تووش بووبێت. لەچوار چێوەی ئەم پەیوەندیانەشدا پێویستە چاوێك بەپەیوەندییەکانی یەکێتی سۆفێتی ئەو کاتەدا بخشێنینەوە. سۆفێیتی جاران لەسالآنی بیستەکاندا یەکێك بووە لەو دەوڵەتانەی کە لەکۆمەڵەی گەلاندا زۆر پشتگیری لەبیرۆکەی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکرد، بەڵام سەرەڕای ئەمە سۆفیەت بێدەنگی هەڵبژاردبوو لەبەرامبەر پارچەپارچەکردنی کوردستانو کوردەکان کە لەدەرەوەی ئیرادەی خۆیان ئەمەیان بەسەردا هێنرا بوو. لەمۆسکۆو پاریسو لەندەن پەیڕەوەی سیاسەتی دژ بە کورد دەکرا. بۆیە دەبێت لەم چوارچێوەیەوە گرنگی هەموو ئەمانە لەبەرچاو بگرین. دەبێت لەو دۆخە بکۆڵینەوە کە ئایا بۆچی یەکێتی سۆڤیەت کاتێك ڕووداوێكو هەڵوێستێکی دژ بەبنەماکانی خۆی دەبینێت بەڵام هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی نابێت؟ ئایا بۆچی کوردستانێکی سەربەخۆی وەك عێراقو ئوردونو سوریاو لوبنان دانەمەزرا؟ لەکاتێکدا ئەم



پرسیارە لەخۆمان دەکەین، دەشبێ هەمان کات بپرسین، ئایا ئەو کات دەکرا لەژێر پەیڕەوێکی عەشیرەتگەرایی بنەماڵەو شێخدا دەوڵەتێك بەرێوەببرێت؟ ئەمە هیچ وەڵامێك نییە کە دڵنیامان بکاتەوە، بابیرێك لە بیستەکان بکەینەوە، ئایا ئەو کاتە، لەناو عەرەبیشدا سیستمی عەشیرەتگەراییو دامەزراوەیی سەر بەشێخەکان نەبووە؟ ئەم دامەزراوەو سیستمانە هەتا ئەمڕۆش لەناو عەرەبدا هەبوو. ئێستا لەکەنداوی عەرەبیەوە بگرە ٢٢ دەوڵەتی عەرەبی هەیە کە بەفەلەستینەوە دەکاتە ٢٣ دەوڵەت کە لەژێر سایەی یەکێتی وڵاتانی عەرەبیدا دەوڵەتیان هەیە. هەڵبەت ئەو سەردەمە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان (بەریتانیاو فەڕەنسا)و وڵاتانی تر کە پەیڕەوی سیستمی دژە کوردیان دەکرد (تورکو فارسو عەرەب) دەبێت بزانین لەناو سیستمی دژە کوردیدا چ جۆرە کاردانەوەیەکیان هەبووەو داخوازیەکانیان چییە؟

یەکێك لەوانەی کە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە باسی لەمافی چارەی خۆنووسی گەلان کردووە، w.wilson ی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەو سەردەمە بووە. لەخاڵی ١٢ یەمینی ئەو (١٤) خاڵەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان باسێ لێوە کردووە، بریتی بووە لەپێدانی مافی چارەی خۆنووسینی تایبەت بەو گەلانەی کە لەپاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە ماونەتەوە، سەرەڕای ئەمە، کوردستانێکی ژێردەستە کە وەك وڵاتانی تری ژێردەستە بۆ نموونە هیندستان کە ژێردەستەی بەریتانیایەو جەزائیری ژێردەستەی فەرەنساو مۆزەمبیقی ژێر دەستەی پورتوگال هەموو ئەمانە (یەکەیەکی ئیداری ژێردەستە بوون، بەڵام بەجۆرێك لەجۆرەکان دەوڵەت بوون) کە لەڕاستیدا وڵاتی ژێر دەستەییش خۆی جۆرێکە لەدەوڵەت، چونکە سنووری تایبەتی خۆی هەیەو ئیدارەی تایبەتی خۆی هەیە. لەکاتێکی ئاوادا کوردەکان نە یەکەیەکی ئیداریان هەبووە نە دەوڵەتێکی ژێر



دەستەبوون، هەر چەندە وڵاتی ژێر دەستەیی خۆی لەخۆیدا یەکەی ئیدارییە، لەڕاستیدا وڵاتی (کۆلۆنی) سنوورێکی هەیەو وڵاتی (کۆلۆنیالی) دانی پێداناوە، ئەمە سیستمی نێوەدەوڵەتیش دانی پێداناوە، بۆ نموونە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە لەساڵانی ١٩٦٠دا وڵاتانی موستەعمەری ئەفریقا دوای ئەوەی لەساڵانی ١٨٨٥دا سنووریان بۆ کێشرابوو سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت لەسەر سنوورەکانی، هەرچی کوردستانیشە وەك دەوڵەتێکی داگیرکراویش دانی پێدانەنراوەو دابەشکراوە لەکاتێکدا کە هیچ سنوورێك لەنێوانیاندا (پارچەکانی کوردستاندا) نەبووە. ئەمە زۆر ڕوونە کە هیچ نموونەیەکی تری وەك کوردستان نابینرێتەوە لەدنیادا.

ئەو گەلانەی کە لەژێر دەستی عوسمانییەکاندا دەژیان لەچارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەوە لەپێناو مافی چارەی خۆنوسیندا هەوڵیانداوەو تێکۆشاونو دەستیان کردووە بەخەبات دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەیەکەم چارەکی

سەدەی نۆزدەدا یۆنانیەکانو ڕۆمانەکانو سربیەکانو بولگاریا جیابوونەوەی خۆیان لەئیمپراتۆریەتەکە ڕاگەیاندو سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە ئەلبانیەکانو عەرەبەکانیش کەوتنە خەبات لەپێناو سەربەخۆیی خۆیان. تەنیا گەلێك کەچەندین سەدەیە لەسەر خاکەکەی خۆی دەژیو نەیتوانیوە مافی چارەی خۆنوسینی خۆی دیاری بکات گەلی کوردە.



## کوردستان: ژێر دەستەیی ( کۆلۆنی )

کوردستان کۆمەڵگەیەکە ژێر دەستەیشی پێ ڕەوا نابینرێت... ئەمڕۆ کوردەکان خاوەنی زیاتر لە ٤٠ ملیۆن دانیشتوانن‌و لەچاخە کۆنەکانەوە لەسەر خاکی خۆیان ژیاون، هەرچی تورکەکانیشە لەسەدەی دەیەمو یانزەیەمەوە هاتوونەتە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام کوردەکان سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوانن‌و ئەم نیشتیمانە گەورەیەیان هەیە، بەڵام تا ئێستا نەبوونەتە خاوەنی یەکەیەکی ئیدارەی بچووکیش، لەکاتێکدا ئەمە دەڵێن، دەبێت بەجیا باسی هەرێمی کوردستان بکەین کە ئێستا ئیدارەیەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵێ سەرەڕای ئەوەی کە کورد خاوەنی ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوانە نە لەیەکێتی ئەوروپا نە لەکۆمەڵەی ئیسلامی نە لەنەتەوە یەکگرتووەکان یەکەیەکی تایبەتی

خۆی نییە، تەنیا لەکاتێکدا ناوی کوردەکان دەبرێت ئەویش کە باس دێتە سەر تیرۆر، (تیرۆرلە ناودەبەین، تیرۆریستان ڕاپێچی زیندان دەکەین)، بەڵام کاتێك منداڵێکی سوننە لەبەغدا پشتێنێکی بۆمبی لەخۆی دەبەستێتو خۆی دەکات بەمزگەوتێکی شیعەکانداو بەدەیان کەسیان لێ دەکوژێت، ئەوە بەخەباتو بەرەنگاریی ناوی دەبەن، بەهەمان شێوەش بۆ منداڵێکی شیعی کەخۆی دەکات بەمزگەوتێکی سوننەکاندا بەدەیان کەسیان لێدەکوژێت، ئەمە لەمیدیای تورکیدا بەهێزە بەرەنگاربووەکان ناودەبات، لەپاکستانیش بەبزووتنەوەی بەرەنگاری ناویان دەبرێت، ئەو وڵاتانەشی کە لەبەر خاتری کاریکاتێری پێغەمبەر محەممەد (د.خ) لەئەندەنوسیاوە تاکو کەنداوی عەرەبی هەڵدەسنە سەرپێیو خۆپیشاندان دەکەن، ئەم ڕووداوە تیرۆریستیانەی بەغدا زۆر بەئاسایی دەبینن.



## ڕەهەندی ئەخلاقی
## لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا

واباس دەکرێت لەپەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا بەرژەوەندی دەوڵەت لەڕیزی پێشەوەی ڕیزبەندییەکاندایە. هەر وڵاتەو لەقۆناغی پەیوەندییەکانیدا، هەوڵدەدات یەکەم جار بیر لەبەرژەوەندییەکانی خۆی بکاتەوە، دەوترێت کە بەرژەوەندی دەوڵەتان هێزێکی پاڵنەری گرنگە لەبەڕێوەبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان، ئەمە دۆخێکە کەتێگەیشتنی ئاسانە، بەڵام هەر دەبێت، هەندێك بنەمای ئەخلاقی بپارێزرێتو بەهەند وەربگیرێت. ئەوەی ماوەتەوە کوردەکان ٢٠٠ ساڵە لەپێناو ئازادیو گەیشتن بەنیشتیمانێکی ئازاد تێدەکۆشنو هەوڵ دەدەنو باجی قورسیشیان داوە، ئەو دەوڵەتانەی کە ئێستا لەدنیادا

بوونەتە خاوەنی دەوڵەت بەقەد کورد دانیشتوانیان نییەو لەنیشتیمانێکی زۆر بچوکیشدا دەوڵەتێکی سەربەخۆیان بۆ دامەزراوە، گرنگە لێرەدا باس لەوە بکەین کە ئەم دەوڵەتانە کەس بەرەنگاریان نەبووتەوەو نەبوونەتە ڕێگر لەبەردەم سەربەخۆبوونیان.

لەکێشەی کوردو کێشەی کوردستاندا هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی لەبەر چاو نەگیراوە، ئەمەش دۆخێکی گرنگە پێویستە باسی لێوە بکەین، ئایا ئەو دۆخەی کە کوردستانی باشوور لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨دا کاتێک ڕووبەڕووی ڕەشەکوژی بۆوە، ئەوە دۆخێکی ئەخلاقییە؟ ئایا پێدانو بازرگانیکردنی مادەی ژەهراویو کیمیاییو فرۆشتنی مادەی سام بەرژێمی سەدام حسێن ئایا دۆخێکی ئەخلاقییە؟ ئایا ڕاوێژکردن بەرژێمەکەی سەدام حسێنو پێدانی ماددەی کیمیایی، هیچ دۆخێکی ئەخلاقییە؟ ئەو کاتە لەکوێت کۆمەڵەی کۆنفرانسی ئیسلامی کۆبوونەوەی دەبەست. لەسەر ناو گۆڕینی تورکەکانی بولگاریاو ئەو



فشارانەی کە دەکرایە سەر تورکەکان لەیۆنان گفتوگۆ کراو باسی ڕەشەکوژی کوردەکان نەکرا. بێدەنگبوونی کۆنفرانسی ئیسلامی لەو سەردەمەدا زۆر جێگەی تێڕامانە.

لەکاتی ئیدارەدانی کوردەکاندا، هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی ڕەچاو ناکرێتو لەبەر چاو ناگیرێت، لەکاتو شوێنێکی ئاوادا کە بنەما ئەخلاقیەکان سفر دەکرێنەوە، (نامێنێت)، ئەوا هیچ شیاو نییە کەباس لەمافو یاساو دادپەروەری بکرێت، لەکاتێکی ئاوادا هەڵسانەوەو بەرەنگاربوونەوەو خەباتکردن دژی ئەو زۆڵمو فشارانە، مافێکی سەرەتاییو بنەڕەتییە....چ یەکێتی ئەوروپاو چ کۆمسیۆنی ئەوروپا لەبارەی کوردەکانەوە هەندێك بڕیاریانداوە، لەچوار چێوەی ئەو بڕیارانەدا (مافی ئەوە بەکوردەکان دراوە کە هەندێك مافیان پێدرێت لەچوارچێوەی ئەو سنوورانەی کەتێیدا دابەشکراونو تێیدا دەژین، ئەو دەوڵەتانەش "ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان

بەسەردا دابەشکراوە" پێویستە هەنگاوی پێویست لەم بارەیەوە بنێن)، ئەمە لەبڕیارەکاندا نووسراوەتەوە، ئەم بیروڕایانە لەرستەی دووەمی بڕیارەکاندا بلاّوکراوەتەوە، رستەی یەکەمەکەشی ئەمەیە: (دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردین لەرۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا)، یەکێتی ئەورووپاو کۆمسیۆنی ئەورووپاش لەم بارەیەوە چەندین بڕیاری لەو شێوەیەیان هەیە، هەرچەندە کە ئەم دوو ڕێکخراوە هەم یەکێتی ئەورووپاو هەم کۆمسیۆنی ئەورووپا لەکاتێکدا پشتگیری لەهەندێك لەمافەکانی کوردەکان دەکەن، بەلاّم هاوکات بەرژەوەندیو مافی ئەو دەوڵەتانەی کە فشاریان لەسەر کوردەکان دروستکردووە، لەریزی پێشەوەی بەرژەوەندییەکانداناو مافی ئەو دەوڵەتانەش لەپێشترە لەلایان، کە ئەمە دەبێت زۆر بەدیقەتەوە تەماشای بکرێتو هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. لەلایەکی ترەوە کاتێك باس لەخۆرهەلاّتی ناوەراست دەکرێت زۆر ڕوونە کە مەبەست لێی کوردەکانە. ئەگەرنا



لەخۆرهەلاّتی ناوەراستدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەڵەستینی هەم یەکێتی ئەورووپاو هەم کۆمسیۆنی ئەورووپا پشتگیری لەهەوڵێکی لەو شێوەیە دەکەن. گرنگە چاو بەم پەیوەندیانەدا بخشێنرێتەوە، لەو بڕیارانەی کە لەسەرەوە بەکورتی باسمان کردن ئیمزای دەوڵەتەکانی وەك لۆکسەمبۆرك‌و قوبروس‌و مالّتاو ئاندۆراو سان مارینۆ ومۆناکۆو لیختنشتینی پێوەیە، ئەو کات پێویستە بپرسن، ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی کەمتر لەملیۆنێك دانیشتوانن یان ژمارەیان ئەوپەڕی ئەگاتە ٤٠-٥٠ هەزار کەس، ئاخۆ بە چ جورئەتێکەوە بڕیار لەسەر میللەتێکی خاوەن ٤٠ ملیۆن دانیشتوانی وەکو کورد دەدەن!!

پێدەچێت هەندێك لەو دەوڵەتانە نیشتمانەکەیان بەقەد شارۆچکەیەکی ئەم کوردستانەش نەبێت، بەلاّم ئاوا بەو شێوەیە بڕیار دەدەن؟ ئایا دەتوانین هیچ جۆرە ئەخلاقێکی سیاسی لەم جۆرە پەیوەندیانەدا بەدی بکەین؟

هەموو ئەمانە بۆمان دەسەلمێنێت کۆمەڵەی گەلان کە لەساڵی ١٩٢٠دا دامەزرا چەند لەدژی کورد کاری کردووەو سەرکەوتوو نەبوو لەپاراستنی ئاسایش‌و ئاشتی نێوان گەلاندا، ئەم کۆمەڵەیە نەیتوانی ڕێگربێت لەدروستبوون‌و سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی ، هەربۆیە لەساڵی ١٩٤٥دا نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزرا، هیچ شتێك لەبارەی کوردەکانەوە گۆڕانی بەسەردا نەهات، سەرەڕای ئەو داواکاریەی کوردەکان، بەڵام بەهەمان ریتمی ساڵانی بیستەکان کێشەکان بەردەوام بوو، لەساڵانی بیستەکاندا شەڕەکەی شێخ مەحمود لەئارادا بوو، لەسەردەمی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا، دامەزران‌و ڕووخانی کۆماری مهاباد مان بینی لەو سەردەمەدا کە لەخۆر ئاوای ئێران بەرپابوو.



## نەتەوەپەرەستی ـ ڕەگەزپەرەستی

لەساڵانی شەستەکان‌و حەفتاکان‌و هەشتاکاندا ئەفریقای باشوور بەڕەگەز پەرەسترین دەوڵەتی دنیا ناوی دەرکردبوو، هەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشە بەوە تاوانبار دەکرا کە ڕەگەزپەرستێتی دەکات. ئەفریقیای باشوور لەو سەردەمەدا کە بەدەست سپی پێستەکانەوە بوو ئیدارەی ئەو وڵاتە بەڕەش پێستەکانی ناو وڵات (ئەوانەی کە بەئەسڵ خەڵکی ئەفریقا بوون) یان دەوت، کە ئێوە دەبێت هەمووشتێکی خۆتان جیابکەنەوەو نابێت تێکەڵاوی ئێمەی سپی پێست بن، هەر بۆیە کافتریاو شوێنی حەوانەوەو شوێنی ئیشکردن‌و هەموو شوێنەکانیان جیاکردەوەو ناوچەیەك دروستبوو بەناوی (بانتوستان) کە ئەمە بەواتای ناوچەی ڕەشپێستەکان دێت، ئەوانە لەم ناوچەیەدا بۆ خۆیان دەگوزەران‌و بەردەوامبوون لەژیان،

بەلاّم ئەم ناوچەیە زۆر دووربوو لەخزمەتگوزاری کارەباو ئاوو ئاوەڕۆو زۆر شتی تریش، بەکورتیەکەی دانیشتوانی ئەسڵی ئەم ناوچەیە زۆر دەچەوسێنرانەوە، بەلاّم سەرەڕای ئەمانە ئەم ڕەشپیستانە بەها تایبەتەکانی خۆیان پاراستبوو، هەروەها خۆیان خۆیانیان بەڕێوەدەبرد. بەهەمان شێوەش لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هەمان مامەڵە لەگەڵ ڕەشپێستەکاندا دەکرا، لەپێناو جیاکردنەوەی ڕەشپێستو سپی پێستەکان سیاسەتێکی تایبەتی پەیڕەو دەکرا.

لەتورکیاش بەکوردەکان دەوترێت: (تۆ لەگەڵ تورکەکان دەژیت، بەلاّم دەبێت لەتورك بچیتو ئینجا بژیت، ئەگەر داوای ئەوەش بکەیت کە دەتەوێت زمانی خۆتو داوای کولتووری خۆتو ئەوانە باس بکەیت، ئەوە دۆخێکی قبوڵ نەکراوە ئەگەر بەردەوامبوویت لەداواکردنی ئەم شتانەو سووربوویت لەسەر داواکردنیان ئەوا باجێکی زۆر گران دەدەیت)، ئەمەش جۆرێکە لە ڕەگەز پەرەستی، دیوێکی



تری ڕەگەز پەرەستییە لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەو ڕەگەز پەرەستیە دەڵێت (تۆ لەگەڵ من لەگەڵ تورکدا دەژیت، بەلاّم دەبێ لەمن بچیت) لەو جۆرە ڕەگەزپەرەستییە خراپترە کە دەڵێت (تۆ لەگەڵ من مەبە شوێنی ژیان خۆت تێکەڵ بەمن مەکە ئەی ڕەشپێست). بۆ نموونە سەرکردەی کۆنگرەی ئەفریقا نیلسۆن ماندێلا ٢٧ ساڵ لەلایەن سەرۆکی ئیدارەی سپیپێستەکان (دی کلێرکەوە) بەندکرابوو دواتر هێنایە دەرەوەو ماندێلای هێنایە پۆستی سەرۆك کۆماری، ئەمەش نەرم بوونو گۆڕانی سیاسەتی ئەفریقا نیشان دەدات، بەلاّم لەتورکیا، دەبینین کە ئایدۆلۆژیای سیستمی ڕەسمی چەند ڕەقو ستەمکارەو ناگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەی کە پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگەو سیاسەت بە خێرایی تێپەڕ دەکاتو دەگۆڕێت. بەلاّم ئایدۆلۆژیای ڕەسمی بە هیچ شێوەیەك ناگۆڕێتو هەوڵی کۆنترۆڵکردنو دەستبەسەرداگرتنی ئەو پێشکەوتنو گۆڕانە سیاسیو کۆمەڵایەتییە دەدات، لەم

ئاراستەیەوە ئەگەر قسە بکەین ڕژێمی سیاسی تورك هیچ دیموکراتی نییە، لەتورکیا وا باوە کە دەوترێت، لەوڵاتدا هیچ جۆرە ڕەگەز پەرستییەك نییە، هیچ جۆرە جیاوازییەك ناکرێت، هەموو کەس، کوردەکان دەتوانن بەئارەزووی خۆیان کار بکەن لەهەر شوێنێك کە دەیانەوێت، دەوترێت کە کوردەکان دەتوانن ببنە پارێزگارو سەرۆکی شارەوانیو بگرە سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانیش، ئەمە تەنها دەوترێت، ئەمە جۆرێکە لەدیماگۆکی (چەواشەکاری)، چونکە هەموومان ئەو راستییە دەزانین کە تەنیا لەرێگەی شوناسی تورکی بەتورکبوونەوە دەتوانن بگەنە ئەو شوێنانە یان وەك تورکێك مافیان هەبێت ئەگینا کەسمان نەمانبینیوە کە بەشوناسێکی کوردیەوە بگاتە پلەو پایەیەك، ئەمانە هەمووی ڕاستییەکن، خۆی لەخۆیدا هەر کەسێك لەکوردەکان کاتێك لەدایك دەبێت بەهاوڵاتی تورك ناونووس دەکرێت، واتە بەم شوناسی تورکیەوە دەتوانێت



بەشداری هەڵبژادنەکان بکات، کاتێك پەرلەمانتارێك سووربێت لەسەر داواکردنی مافی خۆیو مافی کوردەکان ئەوا زۆر بەتوندی لێیدەدرێتو سزای زۆریش وەردەگرێت، لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا پارتی دیموکراسی بەهۆی ئەوەی کە لەسەر شوناسەکانیان نووسرابوو تورك ئنجا توانیان بچنە هەڵبژاردنەکانەوەو خۆیان پاڵاوت، بەڵام دوای ئەوەی کە دەرچوون لەپەرلەمانو ڕایانگەیاند کە کوردن، لەدوای ئەوەی کەکوردبوونی خۆیان ڕاگەیاندو داوای مافی سەرەتایی کوردەکانیان کردو سووربوون لەسەر داواکانیان، حەسانەی پەرلەمانیان لەسەر هەڵگیراو لەئازاری ١٩٩٤دا ١٥ پەرلەمانتاری کورد خرانە زیندانەوە، ئەمە هەمووی لەژێر سایەی سیاسەتی تورکدا ڕوویاندا ئەمە تەنیا لەچوارچێوەی کێشەی کورددا بەدی هاتووە.

ئەمڕۆ کوردەکانو کوردستان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەشکراونو پارچەپارچە کراون، بەو بەش بەشیەوە

خەبات دەكرێت لەپێناو ژیانو لەپێناو مانەوەدا، ئەو مافانەی كە بۆ هەموو مرۆڤێكی تر ڕەوایەو یەكێكە لەمافە سەرەتاییەكانی هەموو مرۆڤێك ئەوا لەكوردەكان قەدەغە كراوە، سوریاو ئێرانو توركیا زۆر بەخراپی ئیدانەی كوردەكان دەكەن، لەژێر زوڵمو زۆرو ستەمێكی زۆردا بەڕێوەیان دەبەن، لەسەردەمی سەدام حسێنیشدا هەمان سیاسەت پەیڕەو دەكرا لەعێراقدا، ئەویش بەهەمان شێوە كوردەكانی دەچەوسانەوە، لەسوریاش نزیكەی٣٠٠ هەزار كورد خاوەنی شوناس نین ئەم كوردە بێ شوناسانە ناتوانن مامەڵە بەهیچ شتێكەوە بكەن، ناتوانن هیچ شتێك بكڕنو بفرۆشن ناتوانن بچنە خوێندنگە یان نەخۆشخانە. پێشتریش ئەوە دەزانین كە ڕژێمی سەدام حسێن كیمیاییو گازی ژەهراوی بۆ قڕكردنی كوردەكان بەكارهێنا. ئەوانەشی كە ماوەیەكە لە ئێران ئیعدام دەكرێن هەر گەنجو كوڕو كچی كوردن، قەندیلیش كە ئێستا گەریلاكانی پەكەكەی لێیە، ڕۆژێك لەلایەن توركیاو ڕۆژێك



لەلایەن ئێرانەوە بۆردومان دەكرێت، هەرچی عیراقیشە هیچ دەنگ ناكات بەرامبەر بەو بۆردومانانە، بەڵام لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە ئیدانەو مەحكوم دەكرێتو خەڵكی بێچارەی هەرێمیش بوونەتە قوربانی دەستی ئەو بۆردومانانە، دەشێت بەهۆی هەندێك كێشەوە نێوانی عیراقو توركیاو سوریاو ئێران تێكبچێت، بەڵام هەر كاتێك كێشەكەو پرسەكە لەسەر كورد بێت ئەوا یەك دەگرنو بەیەكەوە دەكەونە جموجۆڵ. بابیرێك لەكۆبوونەوەی وڵاتانی دراوسێی عیراق بكەینەوە كە لەكۆتایی نەوەدەكانو سەرەتای ٢٠٠٠دا دامەزرا، ئەم دامەزراوەیە مانای چییە؟ لەكوێی دونیادا كۆبوونەوەی هاوشێوەی ئەمە هەیە، لەئەفغانستان كۆبوونەوەی دراوسێكانی ئەفغانستان هەیە؟ لەمەجەرستانو ئەوانە شتی وا هەیە؟ بەدڵنیایشەوە لەكۆبوونەوەی دراوسێكانی عیراقدا باس لەو خێرانە ناكرێت كە بەرامبەر كورد بكرێت، نا بەدڵنیاییەوە.

# لەبیرت نەچێت ـ مەشهێڵە لەبیربکرێت

لەکوردستاندا کێشەی (لەبیرت نەچێت ـ مەشهێڵە لەبیر بکرێت) هەیە. لەسەرەتای ساڵانی بیستەکاندا ئەو دۆخە قورسە لەلایەن کوردەکانەوە هەستی پێنەدەکرا، بەڕای من باشترین ئامراز بۆ گەیشتن بە(لەبیرت نەچێت ـ مەشهێڵە لەبیر بکرێت) ئایدۆلۆژی رەسمیە. پێویستە ئەوە بیر خۆمان بهێنینەوە کە ئایدۆلۆژی رەسمی هیچ جۆرە ئایدۆلۆژیەکی نییە. بەڵکو تەنیا ئایدۆلۆژییەکە کە بەسزاو ئیدارەدانی دەوڵەت بەڕێوەدەچێتو لەبارەی پارچەپارچەبوونو دابەشکردنیشەوە جۆرێك لەزەین کوێری (ناڕۆشنی) بەدی دەکرێت، دروشمی "برایەتی" دروشمێکە پڕێتی لەزەین کوێری (ناڕۆشنی)و ئایدۆلۆژی راستەقینە دەشارێتەوەو ئەم دروشمە هێندەی تر زەین کوێری بلاودەکاتەوەو تەشەنەی پێدەدات. ئەم جۆرە



لەزەین کوێری تەنیا لەناو خەڵکە ئاساییەکەی ناو کورددا نییە، بەڵکو لەناو رۆشنبیرە کوردەکانو لێکۆڵەرەکایشدا هەیە، ئەم جۆرە لەزەین کوێری لەناو میدیاکانی رۆژئاواو لەناو لێکۆڵەرە رۆژئاواییەکانیشدا هەیە، هەموو ئەو کەسایەتییە رۆژئاواییانە هەوڵی ئەوە دەدەن کە خۆیان نەدەن لەقەرەی پرسی دابەشکردنو پارچەپارچەکردنی کوردستان. بێ ئەوەی ئاماژە بەپارچەپارچە بوونو دابەشکردن بدەن بەبێ ئەوەی کە ئاماژە بەو قۆناغی دابەشکردنە بدەن. زاراوەی "کوردستانی تورکیا"و "کوردستانی عیراق"و "کوردستانی سوریا"و "کوردستانی ئێران" بەکاردەهێنن، کە زۆر گرنگە لەرووی زانستیو سیاسیو دیپلۆماسیەوە. رەخنە لەم دەستەواژانانە بگرین.

ئەمە دەبێت بکرێتە کارێکی سەرەکیو فرمانێکی سەرەکی دیپلۆماسیو رۆشنبیرانو بیریارانو میدیاو سیاسیەکانی کورد. کێشەی کورد یاخود کێشەی کوردستان لەپێش هەموو شتێکەوە کێشەیەکی ویژدانیە. دەبێت لەم

بارەیەوە ئەدیبو رۆشنبیرانو میدیاکانو زانکۆکانی تورکو فارسو عەرەبو رۆژئاواش ئەمە بکەنە کێشەی خۆیان.



## کوردەکانو
## تێکۆشان لە پێناو مافو ئازادیدا

پارچەپارچەکردنو دابەشکردنی کوردەکانو کوردستان دۆخێکی وەها تەواو نائەخلاقی دروستکردووە لەبەڕێوەبردنیاندا، هەموو کاتێک ئەو دەوڵەتانەی کە کوردەکانیان لەژێر دەستایە توانیویانە سیاسەتێکو ئایدۆلۆژیەکو دەستەیەکی سەربازیو دیپلۆماسیەتێکی یەکگرتوو بەکاربهێنن دژی کوردەکان. کە هەموو ئەمانە دەکرێت وەک ئاسانکردنی ئیدارەدانی کوردەکان تەماشابکرێت. هەرچی تێکۆشانو هەوڵی کوردەکانیشە گرانترو قورستر کراوە. هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیو پاش ماوەیەکیش هێزەکان بریتیبوون لەتورکیاو ئێرانو سوریاو ئینگلتەراو فەرەنساو عەرەبەکان، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٦٠یشەوە تورکیاو سوریاو عیراقو ئێران

که پەیوەندی سەربازیو ئابووریو دیپلۆماسیان هەبوو لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی سۆڤێتو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئینگلتەراو فەرەنسا ئەمانە بوونە هێز لەناوچەکەدا. لەنێوان ئەم وڵاتانەدا هەندێ جار بەهۆی جیاوازییەوە ناکۆکی روویدەدا، بەڵام کە دواجار کێشەکە دەهاتە سەر کێشەی کورد هەموویان پێکەوە یەکیان دەگرت. ئەمڕۆ ئەگەر لەهەر پارچەیەکدا رووداوێك روویدات ئەوا لەپارچەکانی تر کاریگەریو کاردانەوەی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤی خۆی لێدەکەوێتەوە، هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانەش بەپەلە دەکەونە بەستنی کۆبوونەوەو سیمینار لەپێناو کۆنترۆڵکردنی کوردەکانو زۆر ئاشکراشە کە ئەم پێودانگە هاوبەشەی ئەم وڵاتانە نەك کاریگەری باشی نابێت لەسەر مافو دادپەروەری، بگرە بەپێچەوانەشەوە کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤی دەبێت لەسەر قۆناغەکەو پێشێلکردنی مافەکانیان. بۆیە تێکۆشانو خەباتی کوردەکان لەم قۆناغەدا لەدژی زوڵمو



خەباتکردن لەپێناو ئازادیداو بەرەو پێشبردنی مافێکی رەوای تەواوی کوردەکانە. لەم بارودۆخەشدا. هەڵسانەوەو بەرەنگاربوونەوەوە دەبێت وەك مافێکی رەوای کوردەکان تەماشا بکرێت.□

★ ئەم بابەتە لە ژمارە (٣٧) و (٣٨)ی پاشکۆی ئاسۆی نێودەوڵەتی بڵاوبۆتەوە.

## لەبڵاوكراوەكانی

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران ساڵی

(٢٠١٠)

| ژ | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| □□□ | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| □□□ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| □□□ | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواری | ٢٠١٠ |
| □□□ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| □□□ | ٢٠١٠ ساڵی كۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزيز | ٢٠١٠ |
| □□□ | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆ داڕشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە ڕەشید گوروون | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| □□□ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| □□□ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون | ٢٠١٠ |
| □□□ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندی | ٢٠١٠ |
| □□□ | العداله بين الفلسفه والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| □□□ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| □□□ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| □□□ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| □□□ | ئایین و دەسەڵات | هاشم كەریمی | ٢٠١٠ |
| □□□ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| □□□ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| □□□ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| [illegible] | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| [illegible] | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| [illegible] | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |